# کەمپەین

## (ئەنفلۆنزای بەکەلۆری)

**بانگەوازێک بۆ رۆشنبیران، دایکان ، باوکان ، مامۆستایان و خوێندکاران**

**بۆ ئەوەی رۆڵەکانتان لەدەس و چنگی ئەنفلۆنزای بەکەلۆریا رزگاربکەن و ئایندەیەکی گەشیان بۆ بونیادبنێن , بۆ قەڵاچۆکردنی ئەم پەتا سەختە، ناو و پیشە و تەمەن و ناونیشانی خۆت بە ئیمێلێک بنێرە بۆ ئەم ناونیشانە :** hawlatiuraprsi@yahoo.com

**بەهات حەسیب قەرەداخی**



**پێدەچێ نووسین و قسەو باس و لێکۆلینەوە، لەم وڵاتەدا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیاری سیاسی و ئیداری و دارایی ئەم وەزارەتانەی خۆمان نەبێت..**
**ئەگەرنا دەبوایە ئەو دەیان وتارو توێژینەوەیەی لەبارەی شێوازی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری و بێ حیکمەتی ئەو تاقیکردنەوانەوە نووسراوەو بڵاوبوونەتەوە موویەکیان لە بەرازی (بیروکراسیەتی بڕیاردان) بکردایەتەوە.**
**دەیان ساڵە هەموو خێزانەکانی ئەم ولاتە، هەرکە کوڕو کچەکانیان دەگەنە پۆلی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی، شەشی ئامادەیی.. ئیتر کۆستیان دەکەوێ و پەستان و گرژییەکی دەروونیی سەخت و هەڵچوون و ترسێکی نائاسایی لە نادیار.. لە مۆتەکەی بەکەلۆریا وەک پەتایەکی بێ دکتۆرو بێ دەرمان، دایاندەگرێ...**
**ئەو پەتایە هەموو کاروبارو سستمی ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکان دەشێوێنێ، شڵەژاویی و نیگەرانیەکی بێ مانا دروست دەکات.**
**سەرنج بدەن، باوکان و دایکان چەند تووڕەو دەمارگیردەبن...**
**ناوماڵ و خواردن و نووستن لە گرێژنە دەردەچن... خوێندکاری داماوی هەش بەسەر، چاوەکانی بەقووڵا دەچن، ڕەنگیان زەردو پێستیان وشک و لێوو بەرچاویان ڕەش دادەگەڕێ.. ئارەزووی خواردنیان نامێنێ.. بەردەوام سەریان دێشێ و لەبەر بێ خەوی هەمیشە باوێشک دەدەن.. ئەو چەند سەعاتەش کە وەک بوورانەوە، خەویان پیادەکەوێ.. خەونی ترسناک و نەگریس دەبینن..**
**بەدەم خەوەوە وڕێنە دەکەن.. ناوی جنۆکەکانی کیمیاو ئەحیاو فیزیا دەڵێنەوە.. لەخەودا دەچلەکێن و لەناو جێوە هاواردەکەن:**
**(خەبەرکانە مەنصوب.. جملە فعلیە لامحل لها من الاعراب.. ولد الجاحظ في بغداد.. انما الاخلاق الأمم.. Hco4.. ڕژێنەگلاند.. پلازما.. یەعروبی کوڕی مەیمون.. هاوکێشەی نادیار.. لۆگاریتمی سەروژێر... شام شەکرە ولات شیرین ترە... إدخلوا البيوت من أبوابها..)**
**ئەو ماڵانەی خوێندکارێکی بەکەلۆرییان هەبێ، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیان دادەبڕێن.. دەرگا لە میوان ناکەنەوە.. سەردانی خزم و ناسیاو ناکەن، نەبادا ئەوانیش بێنەوە بۆلایان.. کە تووشیان دەبێ بە تووشی ناسیاوێکیشەوە ناچارن بڵێن،**

– بەسەری تۆ وەرعمان زۆر شڕە بەدەس (فلانی کچمان.. یان قیساری کوڕمانەوە) خوایە هەرچی ناحەزمانە تەلەبەیەکی بەکەلۆریی بدەیتێ، بۆئەوەی خێر لە خۆی نەبینێ و ئاژاوە لە ماڵەکەی نەبڕێ!
ئەو خوێندکارە (قوربانیەش) لە مرۆڤایەتیدا دەماڵرێ.. نان ئەخوات، پێی دەڵێن: دە تۆزێ گورج.. دەی بابە بچۆ بەلای سەعییەوە! ئەخەوێت، وەک دنیا ڕووخابێت، بە جەڕەسی سەعات و مۆبایل و هات و هاواری دایک و باوک لەخەو ڕادەچڵەکێ..
ئەگەر چەند دەقیقەیەک بەدیار گۆرانیەک.. بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنەوە هەر بە پێوە خەیاڵ بردیەوە.. گورج لوغمی هاوارێک.. شیڕەیەک.. نەڕەیەک کرووزانەوەو پاڕانەوەیەک لەبەر لووتیا دەتەقێتەوەو ئەو (پشووە کەمە)ی لێدەکەن بە ژەهری مار.. کورتیەکەی لەناو خێزانەکانی (بەکەلۆریدا) جەنگی مەغلوبە ڕادەگێنرێ و نەفیری عامەو ئەندامانی خێزان، هەرهەموو خوودەیان لەسەر ناوەو پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەیە.. ڕووبەڕووی دووژمنێکی سەرسەختی (نادیارو مەجهول)و خاریق و سیحری لە ئامادەباشیدان.. یان پشتی دەشکێنن.. یان پشتیان دەشکێنێ!
مامۆستایانی پۆلەکانی (بەکەلۆریا) چاوێک دەکەن بە چوارچاو... لەم پۆل دێنەدەر.. بەپەلە پڕوزکێ خۆیان دەکەن بەو پۆلدا.. نازانن دەرسی خصوصی بڵێنەوە یان دەرسەکانی مەکتەب.. لەم خوێندگەوە بۆ ئەویتر.. لەم گەڕەک بۆ ئەو گەڕەک.. لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ.. دوو دوو پۆلەکان لەیەک دەدەن.. مەلزەمە دروست دەکەن.. هەفتەی جارێ ئیمتحانی تەلەبەکانیان دەکەن.. مامۆستا نیگەرانە.. ترسی ئەوەی هەیە (مەعەدەلی نەجامی) کەم بێت! ئەوەش بۆ ناوبانگی (زانستی و بازرگانیشی) باش نییە!.. بەڕێوەبەری خوێندنگەکان هەر لە سەرەتای پشووی هاوینی ساڵێک پێشترەوە، سەرگەرم و نیگەرانی پەیداکردنی (مامۆستای چاکن!) بۆ (سێیەکان، شەشەکان)..
ساڵانە جۆرەها مەلزەمەی کۆن و نوێ، بە چەند زمان، دەکەونە بازاڕەوە.. خوێندکاری (قوربانی) سەری لێ دەشێوێ.. نازانێ چەند مەلزەمەو کامەیان بکڕێ؟!
بەڕێوەبەرێتیەکانی پەروەردەش حاڵیان لەمانەی پێشوو باشتر نابێت، هەر تەعلیماتەو دەردەچێ.. یەک ئەویتر ڕەتدەکاتەوە..
هەر لیژنەیەو دروست دەکرێ و لیژنەش مەسرەف و خەرجی و هاتووچۆو جێوڕێ و کەل و پەلی دەوێ.. هەر کۆبوونەوەیەو هەر بڕیارەو هەر فەرمانەو دەدرێ.. (بەشێکی زۆریان جێبەجێ ناکرێن!).. ئەو لیژنانەی خوارەوەش لیژنەی سەرو تریان گەرەکە.. ئەوانیش هەم خەرجی و ئیفادو کۆبوونەوەیان دەبێ..
چاودێریان دەوێ.. بەڕێوەبەری هۆڵ و یاریدەدەریان دەوێ.. پۆلیس و فەڕاش و ئاوگێڕیان پێویستە.. کۆنترۆڵ و گیروگرفت و هەراو بەزمەکانی خەرجی و پاداشتەکانی.. گلەیی و ناڕەزاییەکانی...کۆمپیوتەرو داخڵکردنی نمرەو وردەکارییەکانی.. ڕاگەیاندنی ئەنجام و چاوەڕوانی و دڵەراوکێ و لە هۆشخۆچوون و شۆک و خەمۆکی و هەوڵی خۆکوژی و شەق و تێهەڵدان و تیتک ڕاکێشان و تانەوتەشەر لێدان و سووکایەتی پێکردن و هەموو ئەو کوێرەوەریانەی تر، کە بەڕاستی لە ژمارەو لە باس نایەن...
پرسیاری من ئەمەیە.. هیوادارم کەسێکی بەرپرس.. بڕیار بەدەس.. (بۆ نموونە: جەنابی سەرۆکی هەرێم.. یان جەنابی سەرۆکی حکومەت.. جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.. جەنابی وەزیری پەروەردە) وەڵامێکی لۆژیکی و زانستیم بداتەوە.. پرسیاری من پرسیاری دەیان هەزار دایک و باوکە.. پرسیاری

سەدان هەزار خوێندکارو قوتابیە.. پرسیاری هەزاران مامۆستای ماندووی شپرزەو بەرێوەبەرو سەرپەرشتیاری بە ئەزموونە...

– ئایا حیکمەتی ئەم جۆرو شێوازە (نازانستی و نائینسانیەی) تاقیکردنەوەیە، کە بە (بەکەلۆری) ناسراوە، چییەو هەتا کەی ئەم جەنگ و شەڕە دەروونیە سەختە هەر بەردەوام دەبێ؟

بۆ کەسێک نیە بە جورئەتەوە (هەر لە ئێستاوە) (خیر البر عاجله)ئاوێک بکات بەم ئاگرەداو دوایی بەم پەتایە.. بەم جەنگی مەغلوبەیە بێنێ؟!

داواکارم لە هەموو ئەو دایک و باوک و مامۆستاو خوێندکارو ڕۆشنبیرانەی هاوڕای منن.. لەڕێی ئەم ناونیشانەوە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە سستمی بەکەلۆریا دەرببڕن و دەنگیان بگەێنن بە لایەنی هەرەبالاو بڕیار بەدەس لە کوردستاندا.. بۆئەوەی چارەیەکی بەپەلە بۆ ئەمساڵ و چارەیەکی ڕیشەییش بۆ ساڵانی ئایندە بڕیار لێ بدەن.

بژی زانست و ئەقڵ و مەعریفەت.. بمرێ جەهل و بەکەلۆریاو بیرۆکراسی!

بۆ ئەوەی ڕۆڵّەکانتان لەدەس و چنگی ئەنفلۆنزای بەکەلۆریا رزگاربکەن و ئایندەیەکی گەشیان بۆ بونیادبنێن , بۆ قەلاّچۆکردنی ئەم پەتا سەختە، ناو و پیشە و تەمەن و ناونیشانی خۆت بە ئیمێلێک بنێرە بۆ ئەم ناونیشانە :

hawlatiuraprsi@yahoo.com